وزارەتی ژینگە: تا کۆتایی 2028 مین و پاشماوەکانی جەنگ لە وڵات نامێنێت

ئەمە یەکشەممە ،وەزارەتی ژینگە رایگەیاند، عێراق لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی پابەندین بە پاککردنەوەی مین و پاشماوە تەقەمەنییەکانی جەنگ تا کۆتایی ساڵی 2028. وەزارەتەکە ئاماژەی بەوەدا کە ئەمریکا چیتر پشتیوانی ئەو هەوڵانە ناکات، بەیەک دەبێت حکومەتی داهاتوو گرنگییەکی تایبەت و راستەقینەی پێبدات.

ئیکتیفا حەسناوی، یاریدەدەری ئەمینداری کارگێڕی وەزارەتەکە لە لێدوانێکدا بە ئاژانسی هەواڵی فەرمیی عێراق رایگەیاند، "عێراق لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی پابەندە بەوەی وڵاتێکە بە دوور لە مین و پاشماوەی تەقینەوەکانی شێ تا کۆتایی ساڵی 2028 رابگەیێنێت".

ڕوونیشیکردەوە، "ئەم پابەندبوونە بەهێی نەبوونی تەرخانکردنی دارایی‌یەوە ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبێتەوە، پرسی مین و پاشماوە تەقینەوەکانی جەنگ بە پلەی یەکەم پشت بە هەوڵە نیشتمانییەکان و هەندێک پرۆژەی وەبەرهێنان دەبەستێت کە لەگەڵ کەمپانیا ڕەگەپێدراوەکاندا هەماهەنگکراون".

حەسناوی ئاشکرای دەکات، "ئەمریکا پاڵپشتییە نەودەوڵەتییەکانی بە بەرنامەی پاککردنەوەی مینی چەندراو راگرتووە، بەیەک پەویستە حکومەتی داهاتووی عێراق گرنگییەکی تایبەت و راستەقینە بە پرسی مین لە رەگەی تەرخانکردنی دارایی و پشتیوانی لەجستیکی بە هەوڵە نیشتمانییەکان بدات، هەروەها پارەزگارەکان پشتیوانی لەە پاککردنەوەی پارەزگاکانی خەیان دووپات بکەنەوە.